# سوێندی وەفا

بڕۆن..
گوێ بۆ ئاراس ڕادێرن..
چیرۆکی ڕۆژانی ڕەندایەتی دەڵێتەوە..
چۆن جێپێی شێرزادەکانی
وەك یادگار، لەکەناردا هێشتۆتەوە..
بڕۆن..
گوێ لەچوارچرا بگرن
ویژدانی قازی دەدوێ..
لەداستانی شەوانی نووتەکدا
لەنەلۆس و گۆجارۆ بەرەی شنۆدا
چی لەبارزانی دەبیندرا..
بڕۆن..
گوێ لەکەرکوك بگرن..
لەسەر سەکۆی زێڕینی بابەگوڕگوڕ
پڕبەگەروی هاوار دەکا.. بێدەربەستە
ڕۆڵەکانم ئەمڕۆ یادەو
بەرلەجەژنە پیرۆزە..
مشتێ خۆڵی گڵکۆی نەمرانم مەبەستە..

حەمید قەڵادزەیی